بسم الله الرحمن الرحيم

ثانەویاتە ئیننەما بەو صیغە تەحفیزیە ئەمە دەتانین ئەو غایە و هەدەفەی کە رب العالمین ئەمەی لەبۆ خەلق کردیە ئیجاد و تەحصیلی بکەین، ئەویش ورضوان الله أکبر، ئا ئەوەیە مەسەلەکە، ئەو وەختی ئا ئەو دەورە ئەو حالەتە ئیجاد دەکرێ لە داخیلی، خودا تەوفیقمان بداو تەسخیرمان بکا وە موعینمان بی لەبۆ ئیجادی ئەو حالەتە.

بێینە سەر دەرس لە خزمەتتان حەفتەی پێشی بەحسی سەردەکی تاریخی صیغەی دروست بوونی جەمعی یەکتر بینین ئەوس و خەزرەج لە یەثریب، کەپاشان پاش ئیخڕاجی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆ یەثریب دەبتە مدینة الرسول، صیغەی ئیلتیقائی ئا ئەو جەمعە لە بەیعەی عەقەبەی یەکەم، شەش نەفەر کە کو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قەواعیدی ئیمانی لەبۆ بەحث کردن، لەبۆیانی تەفسیر کرد، پاشان نەفەری لەگەر ناردن لەبۆ یەثریب موصعەب بن عومەیر کە سەفیری بوو، ئەو جەمعە لەوێ ئیشیان کرد و بالأخص موصعەب ئینتاجی هەبوو.

بەیعەی عەقەبەی دووەمی بەسەر هات، دوازدە نەفەرەکان گەڕانەوە دیسان ئەو جەمعە موصعەبیان لەگەر بوو، فەترەی سێیەم کە هاتنەوە بەیعەی عەقەبەی سێیەم حەفتاو سێ نەفەر، بەحثی ئەوەمان کرد لە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کو ئەو جەمعە لەگەر ذاتی رسول صلی الله علیه وسلم جەمعی طەڕەفەینی مفاوضە، یاخود موبایەعە کە هەردوو طەڕەف گەیشتە ئا ئەو قیممەی مەطلوب لە ویستی خوای.

ئەوڕۆ بەعضە تیشك دەخەینە سەر صیغەی ئا ئەو تەعامولانە کو کرایە؟ وە لۆ بووە؟ لۆوەی فیعلەن کە دیێین ئەمە تەعامول لەگەر سیرەی پێغەمبەر دەکەین صلی الله علیه وسلم، بەو بوعدە قوڕئانی ئیمانیانە تەعامول لەگەر بکەین، حالەتەك مەوجودە وە بە قەناعەتی من موراجەعەی پێ دەوێ، ئەو حالەتە ئەویش ئەوەیە زۆر جار ئەمە خۆمان لە ئەثنای واقیع، واقیع دەمانگەینتە حالەتەك ئیحتیاجمان بە بەعضە موعالەجات هەیە، داخیلی مەربوطە بە ذهنمان مەربوط نییە بە ئیمانمان، حالەکە واقیع دروستی کردیە دەچین موستەنەدات لە سیرەی پێغەمبەر یاخود تەجمیعی ئایات دەکەین، دەشمانەوێنەفسی نەتائیج کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەحالەتی جەنینی فەرخەی گچکۆکەی ئیمانی بینا کردبی، بەو هەموو مەڕاحیلانەی تێ پەراندبی بە چ ثەمەرەك گەیشتبی، دەمانەوێ نەفسی نەتائیج ئانەن بە عەجەلەیی، بەبێ ئەوەی ئەمەش بە نەفسی مەراحیل، بە نەفسی ئەوصاف بە نەفسی حالات دروست بوون نەفسی ثەمەرەشمان دەوێ لەبۆمان ئیجاد بکا.

ئەو حالەتە لە ناو شەبابی صەحوە وە جەمعی موسڵمانان ئیسلامیین زۆرە، عیلمەن بە قەناعەتی خۆم ئەو حالەتە موراجەعەی پێ دەوێ، حالەتی سیرە لە قورئان کە کو رب العالمین حەییە زیندووە ئەو قورئانەش ئەوها حەییە زیندووە، ئەوقورئانەی ئەمە دەبینین بین جفتین المصحف، ئەوە ئیعتبارەن لە حیاتی مە ئەو قورئانە حەیات وەردەگری، ئەمە چەند حەیەویەتمان تێدا مەوجود بی، چەند موطعەم بین چەند نەشاطی داخلیمان مەوجود بی، ئەوەندە قورئان لەگەر مە تەعامول دەکا نەفسی وەقت پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بەو صیغەیەی لەگەر مە حەییە، مەوجودە بە نەفسی حەیات بە نەفسی ئوسلوب.

ئیذەن ئەگەر هاتوو ئەمە دەستەکی بەشەری لێ بکەینەوە نەفسی ئەوصافی دەستی بەشەر بدا، وەکو کو دەستەکە مەوجودە مەربوطە بە ذاتی بەشەرەکەی ئەو وەختی لە موقارەنە خەطەئمان لەبۆ کەشف دەبی، دەستە ئەوصافی خاصی خۆی هەیە، ئەمما لێیکەینەوە لە ناو موتحەفی دابنێین هەر پێی دەگوترێ دەست، ئەمما دەستەکی مردی حەرەکە و نەشاطی نییە، ئەمما ئەگەر هات لە ذاتی بەدەنی ئینسانەکەیدا بوو هەرچی خوا ئەمری پێ کردبی بە تەقدیر ئەو دەستە ئەو ئیشە دەکا.

نەفسی ئوسلوب لەگەر قورئان لەگەر سوننەش ئیستعمال دەکەین ئەمە، دێین وفقی واقیعی خۆمان طەبیعەی وجدانی وجودی خۆمان لەو بیئە و لەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجودین، دێین تەماشا دەکەین ئەو حالەتە ئەبەو نەوعەیە، ئیذەن یەك مەجموعە ئەحادیث یاخود مەقاطیع لە سیرە وەری دەگرین لەسەر حالی خۆمانی تەطبیق دەکەین، عیلمەن دەبا موفرەداتی ئەو حالەتەی کە ئێستا ئەمە تێیدا مەوجودین تێیدا وجود بووینە هاتینە، حەتمەن مەراحیلەکی زۆری سابیقی هەیە، حەلەقاتی زۆری سابقی هەیە، دەبا ئەمە ئەویش دیراسە بکەین، ئەو وەختی بزانین فیعلەن ئا ئەو دەرمانەی کە فیعلەن ئەگەر قەناعەتمان بەوەی هەبی سیرە حیکمەتە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە قورئانەوە تەحویلی کردبی لەبۆ واقیع، ئەو وەختی بەو حەیەویەتە وەرمان دەگرت نەك وەکو دەستە مردیەکەی، بەکەیفی خۆمان تەقطیعی کەین ئەو جەمعە ئەحادیثە لەبۆ فلان شتیە.

عیلمەن وەرە حەقیقەتی مەوضوع ئەو جەمعە ئەحادیثە لەبۆ ئەو مەوضوعەی هەر تێك ناکا، ئەوجە ئەو حالەتە لە سیرە وەرگرتن بەمن زۆر تەقطیعی مەوضوع دەکا، لە عەینی وەقتیش ضەربەکی گەورە لە حەوییەتی ئەخذ وەرگرتن لە سیرە دەکا، ئەوا ئەو مولاحظاتانە بەمن هەمووی موهیممە، لەعەینی وەقتیش بە بوعدی ئیمانی پێی دادەنێم، صەراحەتەن چونکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئینسانەکی زیندوو بووە، قورئانەکی زیندووی لەبۆ هاتییە، لۆ وەی حیاتەکی زیندوو دروست بکا، حەقیقەتی هە یهئەو حەیاتە ئەمما ئەگەر هاتوو ئا ئەو بوعدەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێی

سەحب کەین، ئەو وەختی ئەو پێغەمبەرەی صلی الله علیه وسلم کە بەو زیندیاتەی ماددەی زیندووی هینایە، ئەو وەختی تەقطیعی دەکەین ئەمە، ئەو وەختی کأنە بە پێغەمبەر دەرێین صلی الله علیه وسلم، ئەمە پێی دەرێین یا رسول الله ئەتوو تابیعی مەبە نەك ئەمە تابیعی توو بین، چونکی لەو مەوضوعەی ئەوەندەمان لە توو پێویستە، لەو قەضیەیەی ئەوەندەمان پێ عیلاجە، ئەوەندەمان بدێ و جزاك الله خیر لە جێی خۆتبە ئەتوو.

ئا ئەوە تەقطیعی سیرەیە و قەطعی حەیەوییەتە لە مەفهومی سیرە، لۆیە ئەگەر هەر ئینسانەکی موئمین بیەوێ فیعلەن ئیمان و واقیعی و حەقیقی بی، وفقی بینائی قورئانی دەبی لە تەرتیبی بیدائیەوە دەست پێ بکا لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، هەر لە بەذرەی یەکەمەوە، لەدەنکی یەکەمەوە، لە نواتی یەکەمەوە زەمینە سەبر سەبر دروست ببی، هەتا دەگاتە ئەو حەددەی کە خودا دەیەوێ جل جلالە، لۆیە تەماشاکەن هائە مە خۆمان باشترین نموذجین لەبۆ ئەو مەوضوعەی، ئا ئەو ئەدائی ئەمە دەیکەین لە تەکالیف لە نوێژ و ڕۆژو و شتیتکەش ئەذکار وەکو صەحابەکانە، عیلمەن ماددە نەفسی ماددەیە، قورئان نەفسی قورئانە کە لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دابەزییە، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەری تەنزیل کرایە، تەنزیل، خودا جل جلالە تەنزیلی کردیە لۆ؟ چونکی حالەتەکە مەوجود بوو دروست کرابوو، ئەگەر ئەمەش بمانەوێ نەك قورئان بخینین، ئیننەما لەسەرمان تەنزیل بکرێ، بەو حەیەویتەی کە قورئان تێیدا مەوجودە و پێغەمبەر وەری گرتیە وتەحویلی کردیە لەبۆ جەمعی صەحابە، دەبی فیعلەن بەعەینی تەرتیب، بەعەینی نەوعیە بەعەینی تەتەبوع بە دوویدا بچین.

لۆیە تەماشا بکەین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سیرەی لە قورئان هەمووی جوزئە، بینائییاتە، مەرحەلەك تەقیمی مەرحەلەکی دەکا، حالەتەك ئیعدادی وەضع دەکا لەبۆ حالەتەی پاشی وی، کێهانی قەطع کەین کأنە حەلەقەکە لەو حەلەقاتانە پێویستی بە پێشی خۆی و پاشی خۆشی هەیە، هەتا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە قورئان (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ)(المائدة ٣) لۆ دێتە خوارێ هەمووی بەو نەوعەیە، ئەوجە ئەو جەمعە صەحابەیە لە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بەو نەوعە ئیمانەی داچوون، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کوو خۆی دەستی پێ کردبوو لەگەر جەمعی مەککەیی عەینی ئوسلوب عەینی حال لەبۆ وانیش دەستی پێ کرد.

مامۆستای موشریفی لەسەر دانان موصعەب بن عومەیر بە وەفد ناردنی لەبۆ یەثریب، لە یەثریب موصعەب نەفسی دەوری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەدا بکا، بە نەفسی حال، بە نەفسی کەم بە نەفسی نەوع بەبێ کەم بەبێ زیاد، لۆیە ئەو جەمعە شەش نەفەرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم

ئیبعلام و تەبینیان لەبۆ دەکا کە لە مستەوای ناسن لە قورئان تەحویلیان دەکا لەبۆ مەڕاحیلیتکە، تەسلیمی موصعەبیان دەکا، چونکی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم زەمینە و ئەرضییە لەبۆیانی دروست کرد، موصعەب ئیستلامیان دەکاو ئیشی لەسەر دەکا، موصعەب دەیانگەینتە ئا ئەو سەقفەیەی کە دەیەوێ.

بەیعەی عەقەبەی دووەم کە دێنەوە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئا ئەو پێنج شروطەی دەرسی پێشترێ بەحثمان کرد، (ألا تشركوا بالله شيئا) خۆی ئەوان ئەو حالەتەیان قەطع کردیە، ئەمما دیسان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم هەرچی دەوائیری داخیلی ئینسانە، پاشان ئەو داخیلەی ئینسان چی نەقل دەبی لەبۆ دائیرەی خاریجی ئینسان کە ئینسان پێ دەکرێ بە جەواریح، وەکو چاو وەکو زمان وەکو گێ وەکو دەست و پێ، پاشان ئەوجە ئەثەری ماعەدای خۆی ئەثەری لەسەر غەیر، بەو حەلەقاتانە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە ئەمریان پێ دەکا (ألا تشركوا بالله شيأ)، هەرچی صەنەمی خاریجیە لە یەثریب وەلە مەککە کە ئەوانە تەعەلوقی قەلبیان پێوەی هەیە، وە ئەصنامیش کە بەشەری لە داخیلیان هەیە هەمووی ئەوانە بشکێنن.

مەثەلەن وەلائی ئەو ئینسانە عەڕەبە لەبۆ رەئیسی عەشیرەت و قەبیلە صەنەمەك بوو لە داخیلی دەی پەرست، ئیقتصادییاتی حاجەی خواردن و خواردنەوەی صەنەمەك بوو، لۆیە هەر لەبەروەی منداڵی خۆی دەکوشت عورف و عادەت صەنەمەك بوو، مولتەزیم بوو پێی دەی پەرست، لۆیە کە کچی دەبوو مەجبور بوو لەبن خۆرێی نێ لەبەر غیرەت، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نەك بەس صەنەمی لات و عوزا و هوبەل و مەنات بشکێنێ لە داخلیان، ئیننەما (لا تشركو بالله شيئا) قاطیبەتەن هەمووی ئیزاحە دەکا هەمووی لادەدا، کە ئەو حالەتە ئەگەر موصعەب ئیشی لەسەر نەکردبی شتیتکەی لەسەر بینا ناکا.

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم چونکی لۆ ئەساسەکەی ئەو وەختی (عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ) (التوبة ١٠٩) لەسەر مەیەلان دروست دەبی، ئەها وەکی مە دوو رۆژ گوناهان ناکا رۆژی سێیەم دەگەڕێتەوە سەر گوناهەکەی، لۆیە پاشی وی (ألا تشركو بالله شيئا) بە واوی واوی مەعییە دەفەرمی (ولاتزنوا).

نوقتەی دووەم: ئەها بەحسمان کرد زیناش نەك بەس ئەو عیلاقە شەرعییە جنسیە مەحدودە نییە بەینی ئینسان وئینسان، ئەوجە والعیاذ بالله پیاو بی یان ژن بی، موحتەمەلە زۆر جار والعیاذ بالله خودا لەو مەجلیسی مەقامە لەو گەنجانە بەدور بێخی بە قەلب ئینسان زینا بکاباتسبیحیشیی لە دەست بی، شعوری لە کن فاحیشەیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە دەفەرمی (ألا تشركوا بالله شئیا)، ئا ئەو

حالەتەش چونکی ئەثەری شیرکە لێی لادەدا لێی ئیزاحە دەکا، ئەوە بەینی خۆی و بەینی شەهەوات شەهواتی جنسی، شەهوەی ماددی حاجە و ئەنا داخیل ئەویش دیسان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەو ئەثەری ئەو صەنەمەی لە داخیلی دەشکێنێ بە (الا تفرقوا).

ئەو هەموو ئوموڕانە بە داخیل دەکرێ، داخیل زەمینەی نەبی لە خاریج ناکرێ، هەتا ئینسان لە داخیلی خۆی سەریقە نەکا بە خاریج سەریقە ناکا، ئیذەن سقوطەکە لە داخیلە، لۆیە رب العالمین ئیبلاغ و ئیحیاء لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رەبطی ئەو قەضیەی بە (ألاتشرکوا بالله شیئا)، ئەوە هەمووی ئەثەری ئا ئەو شیرکەیە ئەو مەعاصیانە، ئەو حالەتە دروست بوو لەو جەمعەی گەڕانەوە یەثریب، موصعەب ئیش دەکا دیسان لەسەریان کە هاتنەوە لیقائەکی موعەییەن لە جێیەکی موعەییەن.

وەکو بەحسمان کرد لە حەفتەی پێشترێ لیقائەك لەناو مەککە، مەککە مەهبەطی وەحی وە مەهبەطی عیلاقەی شەیطان لەگەر عەناصری خۆی، چونکی لە کوڕەی ئەرض لە هەموو جێیەك زیاتر جێیەك شیرکی لێ بکرێ گوناهی لێ بکرێ مەککە بوو، لەناو بەیتی رب العالمین کە بەدەستی حەزرەتی ئیبراهیم بە خەریتەی جبریل دروست کرا بوو، سێ سەت و شێست و پینج بەس صەنەم هەبوو، هەر لەناو مەککە وەکو عائیشە رضی الله عنها أم المؤمنین بەحسی دەکا چار نەوعە زینا هەبوو، موصەڕەح، بە عورف و عادەت ئیقراری لەسەر دەکرا، ئا ئەو شتە لەجێیتکە بەو دەرەجە و بەو فوسق و فجورییەی نەبوو.

لە عەینی وەقتیش رب العالمین هەر ئەوەی ئیختیار کرد لەبۆ مەهبەطی وەحی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تێیدا ئیجاد بکرێ وەحی لەبۆ بێتە خوارێ لەو جێیەی، بە وجودی شەیطان وشەیاطینی ئینس و جن، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەواسطەی ئا ئەو نەفەرە حەفتا و سێ نەفەرە، لەو سێ سەت نەفەرەی وەفدی یەثریبین کە هاتن لەبۆ حەج پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەشکیلی کیانی دەولەتی ئیمانیان لۆ دروست دەکا.

ئەوجە ئەوڕۆ دێینە سەرتەسلسل صیغەی کە کو رب العالمین لە ئاسمانەوە خەرائیطی دانایە، وە ئەو رەسولە نازدارە کو بە بەدیققەتی تەمام سەتا سەتی تەحویلی ئەو خەریتەی کردیە لەبۆ واقیع، لۆوەی فیعلەن ئەو ثەمەرەی کە خوا دەیەوێ بەو سەتا سەتیەی مەوجود بی لەواقیع، ئا ئەوەیە ئیلتیزامی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەوەحی بەو صیغەیەی، ئەو جەمعە موبارەکە طەبعەن وەفدیان نارد لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئەوە ئەمە دێیین وەکو دەرسی پێشتر بەحسمان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جێی تەئمین کرد شیعابی مەککە، لۆوەی فیعلەن نە موشرکین نە شەیاطین لە

عەینی وەقتیش ئا ئەو عەناصرانەی کە موتتەصیلن لەگەڵ وەفدی یەثریبیین هاتینە وە غەیریش چونکی عام الحجە.

قەضییەکە زەمەنی حەججە موحتەمەلە بە میئات و ئولوف نەفەر لەوێ مەوجود بووبن، ئیذەن ئەو جێیەی کە دەبێ لیقائەکەی تێدا بکرێ، وە ئەو نەفەرانەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئێستا دەیەوێ خەتمی ئیمانی پێوە بنێ، وە لە ئێستاوە ڕەبطیانکا بە رب العالمین بە بوعدی دەولەتی دەولەتی ئیمانی، فیعلەن دەبی جێیەکە مەئموون بی، لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێش ئەوەی حەرەکە بکا کە مەوعید و زەمان و مەکانی لەبۆ ئیختیار کردینە، وە تەخصیص کردینە، پێش ئەوەی ئەوان بێن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی حەرەکە دەکا بە دوو جیهەی ئەمنی داخیلی و خاریجی، ئەمنی ناو موسڵمانان کە علي بن أبي طالب، وە ئەمنی خاریجی کە عباس ابن عەبدالمطلب تەئمینی هەردوو لای کردیە.

یەعنی هەرچی لە ناو قوڕەیش و موشرکین ئەخبار هەیە بەو قەضیەیەی نیسبەت هەمووی موئەممەنە، لەناو موسڵمانانیش ئا ئەو مەوضوعە تەنشیر نەکرێ لەبۆ صەحابە، بەس پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم ئەبوبەکر چونکی مەسئولی وفود بوو مەلەفاتی شەخصی هەمووی لە مێشکی ئەبوبەکر مودەووەنە، کێ دێ، عەدەدیان چەندە، مستەوایان چییە، وفقی وەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوجە موخاطەبە و تەفاهوم بکا لەگەریان، ئەبوبەکر ئەمین سرڕی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمین سرڕی ئەو دینەی حەتمەن خۆشی مەوجودە مەسئول ئەمنی خاریجی موسڵمانان کە عەبباس ئەویش مەوجودە، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم خۆی وەسیط بین الله و بین عبادە، خۆی موشریفە لە سەر قەضییە جبریل و مەلائیکەتەکانیتکەش هەمووی حازرن، ئەوە طەرەفی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

ئیذەن لەو هەموو حالە خەطەرەی قوڕەیش موشرکین مەوجودن، وەفدی موشرکین یەثریبیین و غەیریش مەوجودن، هەر ئەدنا خەبەر بگاتە وان لیقائەکە هەمووی فەشەل دەینی، هەمووی تەفنیش دەبی، ئیذەن دەبی تەخطیطی موسبەق زۆر دەقیق بووبی، وە مونەفذیش زۆر زیرەك بووبی لەبۆ تەحویلی ئەو تەخطیطە لەبۆ واقیع، عەدەدی هاتیەکان سێ سەت نەفەرن،حەفتاوسێیان موسڵمانە، حەفتاو سێش لە تەنیشت یەك لەگەر سێ سەتەکەی نووستینە، یەك مەجموعەنە ئەوانە هاتینە وەفدی یەثریبین، سێ سەت حەججاج هاتییە حەج بکا، لەو سێ سەتەی حەفتاو سێی لە قائیمەی مەطلوبینە، لیقاء لەگەر پیغەمبەر بکەن صلی الله علیه وسلم، ئەو حەفتاو سێیە بە تەنێ نەنووستینە لەجێیەك هەمووی لەگەر جموعیتکە موشرکین پێکەوە نووستینە، موشرکینی یەثریب.

عیلمەن وەقتی لیقاء پاش سەعات دەیە، دەبی ئەو حەفتا و سێیە هەمووی سەحب ببێ، بەبێ ئەوەی ئەثەر بەجێ بێلنئیذەن نابی حەفتا و سێ نەفەر بە خۆیان و بە گەورە و گچکە و ژن و پیاویان چرپەیان بێ، نابی جێی لاقیان ئەثەری لاقیان مەوجود بێ، ئەوجە دیراسە بکە تەفەکور بکە بە چ زیرەکاتیەك ئەو حەفتا و سێ نەفەرە ئینطلاق دەکا، لەناو ئەو جموعە هەمووش پێکەوەنە شەویشە، حەفتا و سێ نەفەر لۆیە، ئیمام ئەحمەد دەگێرتەوە لە جابر صەحابیە لەو مەجلیسەی مەوجود بووە دەڵێ تەسلولمان دەکرد وەکی پشیلەی، ئەها پشیلە کوو خەفیف دەڕوا ئەبەو نەوعەی.

ئەمما ئایە ئەوە ئەثەری هەر جابرە و جەمعە صەحابەکەی لە حەفتا و سێیەکە؟ نەخێر، خودا جل جلالە لە ئاسمان بەواسطەی مەلائیکەت ئەگەر صەوتیش دروست بوو بی ئینقیطاعی بکا، نەخۆ موستەحیل بوو لەو سێ سەتەی یەك ئیحتیاجی بە قەضای حاجەتەك نەبی لەو فەترەیەی، چونکی چەند سەعات پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە وەختیان قەطع دەکا، ئەخذ و عەطایە لە بەینیان، ئەوها دەکەن، ئەوها دەکەین، بەو نەوعەی یەك تەعلیق داوێ یەك ئیعتیڕاض دەکا، پاشان ئینتیخابات زەمەنی دەوێ، ئینتیخابات دەکرێ ئەوە هەمووی لەو هەموو فەترەیەی نەفەرەك هەڵنەستی لۆ؟ چونکی ئیرادەی خوای لەسەر قەضیەیە، ئەگەر هاتوو ئینسانەکیش لەو جەمعە هەڵبستی رب العالمین عەن طەڕیقی مەلائیکەت کەفیلە لەبۆ تەنویمی بیکا.

ئەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوعدی خۆی لایەنی خۆی تەئمین کردیە، ئەمما خۆ ئەو لایەنەی تەئمین نەکردیە، ئا ئەوە ئەثەری ئیمانە ئەثەری تەسلیم بوونی تەواوە، بە هەموو مەرحەلییەت لەبۆ رب العالمین خودا خۆی ئیدارەی ئوموری ئا ئەو جەمعە بکا، وە هەموو جەمعیش بەو نەوعەی ئەگەر بیەوێ رب العالمین ئیدارەی ئوموری دەکا و خۆی تەسخیر دەکا، هەتا دەیگەینتە ئەو سەقفەیەی کە خۆی دیسان دەیەوێ لە دونیا و لە ئاخیرەت.

ئەو جەمعە موبارەکە حازر بوون، غیاب و حضوڕ دەخینذرێ، هەمووی مەطلوبە هەمووی مەوجودە لە قیادە لە مەسئولین، مەسئولی ئەو سێ سەت نەفەرەی لەوانە بەڕاء بن مەعروف، ئەوە مەسئولی ئەو جەمعەی هی هەر سێ سەت نەفەر، دونی وی عبدالله بن ئوبەی بن سەلول ئەو مونافیقەی زەعیمی مونافقین کە هەتا مرد هەر بە مونافقی مرد ئەو شەخصی دووەم بوو، پێکەوە هاتینە عبدالله بن ئوبەی بن سەلول نازانی بەڕاء لۆ چ هاتیە، نازانی لیقاء هەیە عیلمەن پێکەوەشن دائیمەن، چونکی ئەشڕاف پێکەوە هەڵدەستن و دادەنیشن، دیققەت و حەیەوییەت لە مەوضوع، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لیقاء کە دروست دەبی، لە حەفتەی پێشتر بەحسمان کرد یەکەمین جار مەسئولی ئەمنی خاریجی عباس بن عبدالمطلب قسان دەکا، ئاگاتان لێ بی ئەنگۆ لەبۆ چ هاتینە لە چ

مستوایەکە قەضییە، خۆتان بناسن مەوقیعی مەوضوع بزانن چییە؟ وە چ لێتان مەطلوب دەبی لە ئێستاوە خۆتان دیراسە بکەن، ئەگەر خەلەل لە خۆتان دەبینن موڕاجەعەی خۆتان بکەن، دەکرێ مەوضوع تەئجیل بکرێ بە خەفیفی و بە موختەصەڕی عەبباس مەقطەعی خۆی بەحس دەکا.

پاشان ئەوجە ئەبوبەکر دەست پێ دەکا بوعدی ئیمانی لە مەوضوع، چونکی ئەوانە جەمعی موئمنینن، ئەوجە پاشان موصعەب ئبن عومەیر تەقاریری خۆی تەقدیم دەکا، یارسول الله ئەوە ئەو جەمعە هاتینە لەبۆ فلان شت، هاتینە خزمەتت جەنابت لەمەساتی ئەخیری لە سەر ئەو خەڵکەی دنێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەست پێ دەکا بە تەحمیدی خوای، پاشی بەسمەلە مەقطەعەك قوڕئانیان لەبۆ دەخینی هدوء و ئیستقڕاری کامل دروست دەبی، مەلائیکەت هەموو مەوجودن ئەڵطافی (رب)انی لە سەریانە، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە موختەصەڕی موفید دەفەرمی: ئەوە قەضەیەکە لەو ضەخامەتەی دایە ئەوە مەوضوعی خوایە، دیارە لە سەر کورەی ئەرز ماعەدای ئەنگۆی کەسیتکە نەبوو، فیعلەن موحتاج و موصطەفا بی لەبۆ ئەو مەوضوعەی، ئەنگۆش فیعلەن تەمەنناماں لەو مستەوایەی بن لۆیە ئا ئەوە مەطلوبی خوایە لەنگۆ.

ئەووەلەن: (السمع والطاعه فی المنشط والمكر)، گێ ڕایەلی من بن چونکی ئەمن وەسیطم چ لە گیرفانی خۆم نایهینم، ئەمن لەلایەن خواوە قسە دەکەم، (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى) (النجم ٣) نوطق، (إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) (النجم ٤)، ئەوجە ئەگەر هاتوو پێتان خۆش بی پێتان ناخۆش بی چونکی ئیرادەی خوای ئەوهایە، (كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ) (البقرة ٢١٦)، ئینسان هەلوێستەی دەکا، موحتەمەلە بەعەینی مەبدەء بەعینی مونطەلەق زۆر شت هەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوان طەلەب بکا، ئەوان نەزانن مەقاصدی خوای چییە لەو مەوضوعانە، لە داخیلی خۆیان شتەکیان پێ ناخۆش بی لە مەرحەلەی یەکەم، ئەمما جارێ حیکەمی ئەو قەضیەیە نەزانن، لۆیە دەبی بەدئەن موستەسلیم بن لەبۆ ئیرادەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (الطاعة فی المنشط والمكره).

نوقطەی دووەم: (النفقة بالعسر والیسر)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەورەمەند بوو ملیونێر بوو، هەرچی خەزینەی ئافرەتی خۆی خێزانی خۆی أم المؤمنین رضی الله عنها خەدیجە بە میرات لەبۆ پێغەمبەر مابۆوە، صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر هەمووی صەرف کرد لەبۆ دەعوە،(أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوَى،وَوَجَدَكَ ضَالّاً فَهَدَى ، ◌َوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى)(الضحی ٨)، ئا ئەو غینائە رب العالمین کردیتی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەمووی صەڕف کرد فی سەبیلی دەعوە، ئێستا ئیمکانییەتی ئەوەی نییە مەددی دەولەتی موستەقەڕی ئیمانی بکا، نەك لۆیان بکا بە ماددە بە پارە چونکی موتەفەریغی دەوێ، پاش قیچەکیتکە وەزارەت تەشکیل دەکرێ، موستەشاری میزانی بەرلەمان تەشکیل دەکرێ، ئا

ئەو مەجموعە هیچ نەبی وزەڕاء و موستەشاریین و بەرلەمانیین دەبی موتەفەریغ بن لەبۆ دەعوە، چونکی شتیان لێ طەلەب دەکا ئێستا، ئیذەن دەبی خۆیان ئیدارەی ماددی خۆیان بکەن ئیذەن (النفقة بالعسر واليسر).

سێیەم: (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)، ئا ئەوەیە جەمعی موئمنین ئەو حەفتا و سێیە ئەوانە مومەثیلی خواییە لە سەر ئا ئەو کورەی ئەرضەی، پاشی مەجموعەی حەبەشە و مەککە، لەبەینی خۆیان ئیحتیکاکات دەکرێ هاتوو چوون دەکرێ، ئەو ئیمانیاتانە لە خودای دێتە خوارێ جل جلالە، عەن طەریقی وەسیط بەینی وان و بەینی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، لۆیان تەحویل دەکرێ، دەبی ئەوان خۆیان لە داخیلی خۆیان دروستی بکەن، پاشان عەمەلی پێ بکەن، لەو ئەثنایەی موحتەمەلە ئیحتیاجیان بەوەی هەبی ئەمری یەکتری کەن بە چاکە، وە لە بەرئەوەی تەفاوتی ئیمانی و مستەوەیاتی ئیمانی تێیاندا متەنەویعە، موحتەمەلە بەعضەك بەعضە موکەسسەرات بەعضە هەفەوات بکا، ئەو وەختی دەبی نەهی بکرێ لەخراپە ئەوە لە ناو جموعی موئمنین.

پاشان (على أن تقولوا في الله لاتخافون لومة لائم)، ئا ئەوەش فی الله یەعنی چ؟ نصر الاسلام لە قورئان بەس یەك جێ هەیە دەعوە لەبۆ ئیسلام، ئەو ئیسلامەی کە خوا جل جلالە ناردیتی نەك ئەو ئیسلامەی کە عولەماء ئێستا لەبۆمەیان تەفسیر کردیە، ئیسلامی خوای ئێننەما لە هەموو قورئان دەعوە لەبۆ ذاتی (الله)یە، أدعوا الى الله هەموو قورئان دەعوە لەبۆ ذاتی خوایە، کەینی فیعلەن ئەو ئینسانە بووە موئمین بە الله، هەرچی نیظام و قانونی (الله)یە ئۆتۆماتیکیەن تەطبیقی دەکا بەبێ سێ و دوو، پێویست بەوەی ناکا مەصالیح موشتەڕەکەی لەبۆ بەحث بکرێ، پێویست بەوەی ناکا ئیستیحسان وئیستیصحاب ئا ئەوانەی لەبۆ تەبیین و بەیان بکرێ، الله جل جلالە لە داخیلی ئیعتباری بوو، وجودی هەیە دائیمە حەرەکە و نەشاط دەکا.

فیعلەن ئا ئەو خوایە لە خۆی رازی کا، کە ئەبەو نەوعەی (أن تقولوا في الله ولاتخافون لومة لائم)، ذاتی الله ئەنگۆ بیێختە ناو قلوبی عالەم، نەك ئیسلام نەك ئیسلامی موتەقەطیعش ئیسلامەك موجەززەء، یان ئیسلامەك صونعی ئیسنان بی ئەثەری ئینسانی پێوە مەوجود بی، ئیسلامی الله یاخود ذات الله، لۆیە هەموو قورئان بەس یەك ئایەت بەحثی دەکا، ئەویش لەگەر ئەهلی کیتابە، (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) (النحل ١٢٥)، ئەوە لەگەر ئەهلی کیتابە، ئەوە لەگەر جموعی ناس و چونکی لە ناو قورئان تەصانیف هەیە.

دەفەرمی جارێ دەست پێ دەکا بە ئینسان، ئینسان کەمترین دەرجەیە لە قورئان، پاشان دێتە ناس، بەنی ئادەم، پاشان دەبتە بەشەر، پاشان دەبتە موئمن، حەددی ئەدنای ئیمان، ئەوجە لە ناو ئیمان

طەڕەقی هەیە، ئیمان موئمینە فاصیلەك هەیە لەو فاصلەیەی سی وقسور دەرجە لە قورئان مەوجودە، دەبتە موتتەقی پاشان دیسان سی و قسور دەرجە هەیە، ئەوجە دەبتە موحسین ئەوانە هەمووی تەصانیف لە ناو قورئان، دەبی ئا ئەو جەمعە ئەو ذاتە حەققی الله بێخنە ناو داخیلی ئا ئەو ذاتەی، ئەوجە بەو تەسەلسولەیدا بیروێنین هەتا بیگەینە ئەو سەققەی کە خوا دەیەوێ.

نوقطەی پاشی وی ئەویش علی (أن تنصروني وتمنعوني كما تمنعون به أنفسكم وأزواجكم)، نەصرەت هەیە مەناعەت هەیە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیشارەت دەدا، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە چ مەنع بکرێ، ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە حیمایەتی عەبباس و عائیلەی خۆی و بەنی عەبدولموطەلیب مەوجودە، هەتا حەددەك ڕیعایەت دەکرێ هەتا حەددەك ڕیعایەتی بەنی موطەلیب دەکرێ، ئەوانەی کە ئیمانیان هینایە وەکو جەعفەر وەکو ئیلا ئاخیریهی ئەوانە ئەزیەتیان نەخواردیە، ئیننەما ئەوە خەوفەك بوو ئیشارەتەك بوو.

فیعلەن ئەگەر هاتوو دەعوە ئیحتیاجی بەوەی کرد تەغیرەکی نەوعی بکرێ لە ئیعداد لەبۆ تەمکین، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیحتیاجی بە موعاونە هەبی، ئەووەلەن مەنع بکرێ ضەڕەڕ لێی، پاشان ئەوجە دەفع بکرێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆ ئا ئەو خەیرەی کە دەیەوێ، ئەویش بە مەفهومی نەصرەت (وأن تنصرونی)،( وَعَلَى أَنْ تَقُولُوا فِى اللَّهِ لاَ تَأْخُذُكُمْ فِيهِ لَوْمَةُ لاَئِمٍ وَعَلَى أَنْ تَنْصُرُونِى إِذَا قَدِمْتُ يَثْرِبَ فَتَمْنَعُونِى مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أَنْفُسَكُمْ وَأَزْوَاجَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ وَلَكُمُ الْجَنَّةُ » (رواه احمد) ئەوە هەمووی ئیرادەی خوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەحویلی کرد لەبۆ ئەو جەمعە صەحابانە، هەموو حەفتا و سێ دانیشتیە بە بێ هەست و نەست بێ دەنگ، تەماشای ئەو بینایە ئیمانیانە لەبۆ ئەو ذەواتانە کە هەموویان لە ناو کوفر و فسق و فجور و شرك و فەساد گەورە بووینە.

یەکسەر دەبی لە مستەوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم شەخصەك قسان بکا، لە مستەوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، فە لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ڕووی لە زەعیمەکەیانی کرد کە بەڕاء ئبن مەعروف بوو، ناوی فەرمووی یا رسول الله هەرچیت ئەمر کردیە سەمعەن وە طاعەتەن ئەمن بەنیابەتی قەومی خۆم بە نیابەتی ئەو حەفتا و سێ نەفەرە هەرچی ئەمرت کردبی قبولمانە بێ سێ و دوو، وە ئەوەی جەنابت ئێستا بەحسی دەکەی هەمووی مومارەسەمان کردیە، ئێستا هاتینە جەنابت موجەڕەد لە سەر شەهادەی ئیمانیمان خەتم لێ بدەی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیرتیاحەکی لەبۆ دروست بوو صلی الله علیه وسلم، ئەمما هێشتا مایە جەمعی موئمنین جەمعەکی عەقلانینە صاحب ئیدڕاکی فەهمن، صاحب عیلمن ئەو عیلم و ئیدراکە ئیمان لۆیانی دروست دەکا، نەك مەفاهیمی ئەڕضی نەك موعطەیاتی بەشەری ئیمان دروست دەکا، وەکی

بەحسمان کرد لە داخیلی ئینسان کوتلەك هائیل لە طاقاتی نەوعی هەیە، ئیمان دێ ئەو کوتلەیە تەفسیخ دەکا، وەکی سلفی سەیارەی ئیمان دێ ئا ئەو نەوعە مەواهیبانە ئەو ئەمن و نەوعە طاقاتانە هەمووی تەرەسوب پێ دەکا، و تەشخیص دەکا و دەفعی دەکا.

لۆیە چەند جار تیکرار دەکەینەوە لە ناو صەحابەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موختەصصینی زۆر متەنەویع هەبوو، وەکو بەحسمان کرد بەس سوفەراء شەش نەوعە سەفیری هەبوو، هەر لە سوفەڕاء شەش نەوعی هەبوو، هەر نەوعەك ئیختیصاصی خاصی خۆی، ماعەدای مەثەلەن لە حەڕب حەڕبی دیفاعی حەڕبی هجومی، مەثەلەن موستەشاری هەبوو بەس لەبۆ ئەسلیحە عیلاقەی نەبووە بە شتیتکە، یەعنی ئا ئەو علیمە ئێستا کە مەوجودە ئی ئێستا نییە رب العالمین دایتیە بەشەر، بە دوو بوعد بە بوعدی ئیمانی بە بوعدی سوننەی کەونی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو وەختی بە بوعدی ئیمانی هەمووی لە صەحابەکان بە واسطەی نبووەتی ئیمان تەفسیخی کرد و دەفعی کرد لەبۆ ئیش کردنیان.

لۆیە ئا ئەو جەمعە بەو نەوعیەتە دەرچووینە کە سەید رحمة الله علیه دەفەرمی جیل قورئانی و فرید، قورئانینە نەك موبەیینی ڕسالینە قوڕئان دروستیانی کردیە، لۆیە یەکسەر صەحابەك هەستاوە پێوە ناوی ئەبولهەیثەم بن سیهام، گۆتی یارسول الله ئەو هەموو بنودانە ئەمە تەطبیقمان کرد، دیارە جەنابیشت ئیشاڕەتت کرد، لەوەی (تنصرونی و تمنعونی) ئەمە خەلکی یەثریبین دیارە جەنابت نەقل دەبی لە مەککە لەبۆ یەثریب، قبولمانە بە سەر چاومان خزمەتت دەکەین هەموو شتەکت تەسلیم دەکەین، ئەمما پاشان لەبیرت نەچی ئەمە مەوالیمان هەیە یەهود، ئەمە لە بن دەستی وانین، ئەها پێش دەرسی ئێستا بەحسمان کرد یەهود کو تەحەکومیان کرد بە ناو یەثریبین، هەتا کابرا نە دەوێرا ژنی بینی هەتا ئیستشارەی بە مامۆستای خۆی نەکا، هەر ئیقتیصادی هەر ئیجتیماعی هەر سیاسی هەر عەسکری هەر ئەبعادی حەیاتی هەمووی، ئەمما یارسول الله لەبیرت نەچی ئەمە ئەو عیلاقەیەمان هەیە لەگەر وان، ئێستا ئەمە کیانەکی خاصین ئەمما ضەعیفین، کە جەنابت هاتی حەتمەن موتەغییرات زۆر دروست دەبی، کە موتەغییرات دروست بوو چ بەمە تەرتیب دەبی ئەو وەختی یەك لەوانە مەوقیف کە مەوقیف دروست بوو، پاشان جەنابت گەڕایەوە مەککەی ئەمە لێرە بەجێ دێلی؟ حەققە ئیمانە دەبی هەموو شتەك بە وضوح پێك بێ، نەك غلبە غلب و فەوضا، یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی پاشی ئیبتیسامە (بل الدم دم) خین بە خین، کەینێ خین ڕژانیش هەبوو موستەعیدم خینم بڕژێنم لەبۆتان، کو ئەنگۆ موستەعیدن خین لەبۆ خوای بڕژێن، (والهدم الهدم أنا منكم).

بوعدی ئیمانی بزانه عەقلیەتی ئەو صەحابەی وەی لێ کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئینتیمائی لەبۆ ئەهلی ئەنصار بکا، چونکی کەلیمەی (وأن تنصرونی) دەرسی پێشتریێ گوتمان حالەتی ئیمانیە، وەکو مەفهومی کەلیمەی هیجرە دەبی ئەو حالە لە داخیلی ئینسان مەوجود بی ئەوجە دەبتە موهاجیر، (آمنو وهاجروا وجاهدوا) حالەی ئیمانینە ئەوانە، مەفهومی نەصرەتیش لە قورئان مەفهومەکی ئیمانییە، (أن تنصرونی) حالەکی ئیمانیە لە داخیلیان دەبی خۆیان لێ رابینن، (أن تنصرونی و تمنعونی) لێرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەی لۆ دروست کردن.

ئێذەن ئەو ئیمانیەن دەبی تەعامول لەگەر پێغەمبەری بکا صلی الله علیه وسلم، لەو مستەوای نەصرەت کاتێك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەگەر هاتوو ئەصل و موتەوقعاتی ئەو صەحابەی هاتە جێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بگەرێیتەوە طەبیعەتەن وە بەشەریەن رێك نییە، مەوضوعەکە فەرمووی (لو أسالم من أسالمتم) (أنا منكم وأنتم مني) ئەنگۆش لەمنن، لۆیە لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەرام بوو پاشی ئیخراجی نەك هیجرە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە قورئان هیجرەتی نەکردیە ئیخراج کرایە، صەحابە هیجرەتیان کردیە دەرسیتکە دێینە سەری إن شاءالله، پاش ئیخراجی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە مەککە لەبۆ یەثریب، کە دەبتە مدینة الرسول، ئەو وەختی حەرام دەکرێ لەسەری مەککە، نابی بێ لە مەککەی نیشتەجێ بی سەر لەنوێ، ئیلا لەبۆ ئەدائی حەج.

لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە هات لە مەککە دانیشت لە حەج دیسان زوو گەراوە، عیلمەن مەوطنی خۆی بوو، هەتا صەحابەکانیش کەسیان نەگەرانەوە مەککە، ئیللا ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە والی ئەمر بە وەلی ئەمر لەوی دایانبوون، کەوالی بووبی لەسەر مەککە، ئیستینتاجمان لەوەی چییە؟ نوقطەی یەکەم ئا ئەو صە ر احەتە موطلەقە لە بەینی ئەو صەحابییەی کە ناوی ئەبولهەیثەم لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، نەك شتەك لە داخیلی بمینێ سبەی دوو سبەی فیعلەن حالەتەکە دروست ببی، ئەوانیش پێی رازی نینە، قضیەیە ئیمانە دەبی بە صەراحەتی تام بە وضوحیش هەر چەندە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیادەی ئەو جموعییە، ئەمما دەبی ئیستراتیجیەت لە پێشیان واضح بی، حالەتەکە لە موستەقبەل دروست بوو دەبی ئیتیفاق لە سەری کرابی موحتمەلە لەوێ خەلەل دروست کا، لۆیە کأنە ئەبولهەیثەم مومەثیلی ئەو هەموو جەمعە صەحابیەی بوو لەو مستەوا عەقلیەش.

لۆیە بەو صەراحەتەی دەبی ئیستراتیجیەتی ئەهلی ئیمان لەبۆ قیادە و قاعیدە مەوجود بی، هەرچی بکرێ قاعیدە نەزانی ئەوە ها موفاجئ بوو، چ بوو ئەوە کرا، مەثەلەن لە ئیتفاقیات لەشەر کابرا

دوژمنه، دوژمنه ئیمانیەن، دوژمنه ئیمانیەن تەعامولی لەگەر دەکرێ، کە دوژمن بوو ئیمانیەن دەبی ئەو مەوقیفی بگۆری نەك ئەمە مەوقیفمان بگۆڕێ، نەك پێغەمبەر و صەحابە مەوقیفی بگۆڕێ، کە کافر بوو هەر کافر دەمینێ، ئەمما دەی دەی ئایا موحاڕیبە یاخود موسالیمە ئا ئەوە دەگۆڕێ، کافر هەر کافر دەمینێ، ئەورۆ کافر نییە سبەی ببتە شێخ فلان و ئوستاذ فلان هەر کافرە، کە بە موحاریبت دانەنا ئێستا موسالیمە ئەمما هەر کافرە، لۆیە دەبی لەکن قاعیدە نوقاطی هەموو طەڕیقەی ئیسلامی مەوجود بی، بزانی قیادە وفقی چ ئیش دەکا، وە ئەوەش رب العالمین بەجێی نەهێشتیە بە تەعویم لەبۆ ئەهلی ئیمان.

لۆیە تەماشاکە خەریطەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ناو قوڕئان هەر لە سفرەوە کە دەستی پێ دەکا هەمووی بەرنامجە، لەبۆ ئیتجاهاتی حەڕەکەی ئیسلامی فیعلەن بیانەوی بەسەری دابرۆن بگەنە نەفسی نەتائیج و ثەمەرات نەفسی حالە، لۆیە لەکن هەر جموعەك ئەگەر بێت و فیعلەن جەمعی ئیسلامی دەست بەو خەطەواتانە بکا لە سفرەوە لەبۆ ئەو ثەمرەی لەکن قەواعیدیش خەریطە مەوجودە، دەزانی مەثەلەن قیادە فلان وەخت چ دەکا لۆیە خۆی موستەعیدە ئیمانیەن لەبۆ ئەو حالەتە و مەرحەلەیە، ئیمانیەن موستەعیدە کە ئیمانیەن لە داخیلی خۆی موماریسەی کرد واقیعی لۆ دروست دەکا، کابرا خۆی شەخصەن ئەگەر حالەکە هات لەکنی ئیرتباك دروست نابی موفاجئ نییە مەوضوع موسبەقەن لە مێشکی خەریطە مەوجودە، قیادە لە گیرفانی خۆی چ دەرنایینی هەمووی مورەتتەمە، هەمووی موخەطەطە، وفقی بینائی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەر لە سفرەوە هەتا بینائی کیانی ئوممەی ئیمانی.

نوقطەی دووەم: یەك لەو جەمعە صەحابیەی حەفتا و سێیە کەس موناقەشەی لەگەر نەکرد، ئەبولهەثەم چی گۆ؟ لە قسان کأنە هەموویان لە قەلبیان ئەو مەوضوعە مەجود بووە، فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەکو هەدییەکی (رب)انی لە کنیان بمینێ، لە عەینی وەقت مەوقیفی پێغەمبەر لەگەر وان بی لۆ؟ چونکی ئەوانیش لە گەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەك کوتلە یەکە کوتلەی ئەهلی ئیمان جەمعی موئمنین (یایها الذین امنوا)یان لەسەر تەطبیق دەکرێ.

سێیەم: ئیعتراضەکەی کە لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دروست بوو، زۆر عەقلی زۆر شەرعی هادئ بەینی وی و بەینی قیادە، بێئەوەی لە والی مصر خەلەفیات دروست کا، لەناو دائیرەی خۆی لەناو جەمعەك دانیشتیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەلیان قسە دەکا، یەکسەر غربە غربەك لەوێ پەیا ببی دەربەك دروست ببی خەط مائیلەك دروست ببی، سێ چار نەفەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قسان دەکا ئەویش دەیەوی قسان بکا، موشکیلەك دروست دەکا هیچ نەبی

شکوکەك دروستکا لە ناو قەلبی مەوجودین، نەء ئیننەما عەینی بەو صەڕاحەتەی کە ئیمان دەیەوێ بەو صەڕاحەتە لەگەڕ پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم تەعامول بکا.

مەثەلەن هەستا پێوە یا رسول الله ئەو مەوضوعە هەیە، لۆیە ئا ئەوە دروسە هەموو لەبۆ ئەهلی ئیتیجاهاتی ئیسلامی حەڕەکاتی ئیسلامی قاطیبەتەن، پاشی وی صەحابەکە دانیشت، پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم جەوابی دایەوە.

صەحابەکیتکە لەو لای قیت بۆوە ئەویش بزانە چی پێیە ناوی عەبباس بن عوبادە و ئەسعەد ئبن زوڕاڕە، طەبعەن ئەوە پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم مەواضیعی خۆی هەمووی شەڕح کردیە، ئەبولهەیثەم موناقشەی کرد، ئەو دووەش هەستانە پێوە ئەوانیش کأنە بەعضە شت لە طەڕحی پێغەمبەڕ تێیگەیشتینە، موحتەمەلە هەموو صەحابە کأنە لە مێشکیان هەموو صەحابە وەکی وان تێنەگەیشتبی، تەوضیح بکەن لەبۆ جەمعی خۆیان.

یەکسەڕ ئەسعەد ئبن زوڕاڕە کە لە هەموویان گچکە تر بوو یەکەمین نەفەربوو، پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم ئیتصالی پێ بکا، پاشان بیکاتە قاعیدە بەحسمان کرد، هەها موصعەب لەکنەوی بوو لەماڵی وی بوو، یەکسەڕ هەستا و گۆتی یا جەماعەت ئەوەی ئەمن تێگەیشتیمە لە قەولی پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم دوو سێ نوقطەیە، یەکەمین: قوم الأحمر والأسود (تنصرونی وتمنعونی) ئا ئەوە مەعنایتی، ئەحمر یەعنی: ئەورووپیین ئەوەی لە فەوقی جەزیرەی عەڕەبی، فەوقی مەنطیقەکانی ئەو وەقت هەموو غەربیین ئەورووپیین موستەعمەڕەکی مەنطیقەکی ئەورووپی بوو، ڕوم موسەیطر بوو لە سەری، پاشان الأسود یەعنی: ئەفریقیین هەر لە مصر و شیمالی ئەفریقیا و ئەوانە، یەعنی حەڕب عالەمی ئیستیعدادتان هەبی لەبۆ وەی، ئەوەی ئەمن تێگەیشتم پێغەمبەڕ صلی الله علیه وسلم ئا ئەوە دەلێ، حەڕبی عالەمی موحتەمەلە دروست ببی، ئایا ئەنگۆ ئیمانیەن ئیستعداتان هەیە لەبۆوەی ئەوە یەك.

دووەمین: هەر لە عەینی وەقت کە شەڕ دەکرێ لە ناو عەڕەب، ئەوها باو بوو کە ئەشراف لە ناو هەوادیج و ئەوەی خۆیان مەقامی خۆیان دەمینێن، ئەوان شەڕ ناکەن بەس ئیرشادات دەنێرن، فلان شەخص لێرە و لەوێ کەن جێیبگری شەڕێ بکا، فلان شەخص لە فلان جێیبگری شەڕێ بکا، خۆشی هیچی لێنێ ئێستا نەء لە بەر ئەوەی قەضیەکە ئیمانە دەبی قیادە و ئەشخاص سەبباق بی لەبۆ شەڕ، ئیذەن بالنتیجە (قتلوا أشرافکم) ئا یەعنی ئایا ئیستیعدادتان هەیە شەریف و خۆشەویستەکانتان لەناو بچی، یەعنی چ؟ یەعنی روئەسائیشتان هەمووی دەفەوتێ.

سێیەمین: یارسول الله ئەگەر ئەو هەموو شتانەمان کرد ئەوە ئەسەعەد بن زورارە نەتیجە چییە؟ هەموومان کرد موستەعدیشین باشە موقابیل چییە؟ ثەمەن چییە لەبۆوەی؟ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نەی فەرمووو دەولە، حکومە، کورەی ئەرض، فەرمووی: الجنة (الجنة فلکم الجنة)، جەننە یەعنی بیطاقەی ڕیضوان، بەو هەموو پێنج شەش نوقطانە (رضوان الله)یان تەئمین کرد، ئیذەن بالمقابل دەچنە جەننەت، ئا ئەوە موقابیل بوو لۆیە تەماشای هەموو بنودی عقودی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەگەر صەحابە دەولەت نییە، ریئاسەت نییە، تیجارەت نییە، موئەسسەساتی ڕەسمی نییە، بەرلەمانات نییە، جەننە (فلکم الجنة)، ئەگەر فیعلەن صەحابە بەو نەوعەی تەکوین نەکرابا، موحتەمەلە هەر کە جەمعی صەحابە نەقل بن لەبۆ یەثرب، پاشی ئەو بەیعەیەی چونکی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەو صەحابەیە عەمرو بن حەرام و ئەوی کە لە قیادەی دابەزاند یەکیتکەی دانا، دەبا هەر لەوێ ئینقلاب دروست ببی، کو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم شەریفەکانی هینایە خوارێ ئینسانی ئیعتیادی لەکنەوان بە مەعایری وان ئەمما لە ئیمان برند ئەوان بکاتە بەدیل، ئەمما لە بەر ئەوەی لە مێشکی صەحابە دونیا بوعدی دنییەوی نەبووە، لۆیە تەماشا دەکەی هەدەفیان حوکم نەبووە هەدەفیان تیجارەت نەبووە، هەدەفیان مەسئولییەت وەرگرتن بەرلەمان نەبووە، هەدەفیان ریضوان الله تەئمین کەن، (فلکم الجنة).

یەکسەر فەرمووی ئەبسط یەدەکە یارسول الله ئەسعەد بن زورارە، چونکی لە هەموویان موتەحەمیسترو ئیمانی بە تەئمین بوونی لە هەموویان موتەدفیق و زیاتر، چونکی کەمی وەرگرتیە لە هەموویان زیاتر بوو یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەستی درێژ کرد، یەکسەر ئەو یەکەمین کەس بوو دەستی لەناو دەستی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی ربح البیع، ئەمە تازە دەبینە ئەنصارت ئەگەر دەزانی رسول الله بە ئەمری خوای ئەوەت لەگەر مە کردیە، ئەمەش دوعا بکا ئیمانمان بگەیینە ئەو مستەواییە، نەقص لەناو بەیعەکەی دروست نەبی، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە دەستی برند کرد (یارب)ی خۆت شاهێدی خۆت رەقیبی خۆت سەمیع و بەصیری، ئەوانە ئەو حالەتەیان لەگەر من کرد (یارب)ی فیعلەن لەوانە ئەو ئوناسانە دروست بکە کە ئیمان و دینیان لەسەر بینا بکرێ.

لۆیە (اللهم ارحم الأنصار أبناء الأنصار وأبناء أبناء الأنصار)، بالمقابل پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئا ئەوەی لەبۆ کردن، پاشان ئینسیحاب بوون فەرمووی لە بەر ئەوەی جەمعتان زۆرە لەمەو پاش تەشکیلی بەرلەمان و حکومەت دەکرێ، ئەنگۆ لە ناوە خۆتان ئینتیخاباتکەن دوازدە نەفەرم دەوێ، فیعلەن لەناوە خۆیان فەترەی زەمەنییان وەرگرت لە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەو دوازدە

نەفەرە ئینتیخاب بکرێ، وە ئینتیخاب کرا، بەعضەکیان ناویان بخینین ئەسعەد بن زورارە یەکەمین نەفەر بوو دەرچوو، رافع ئبن مالیك عەبادە ئبن صامت، سەعد ئبن رەبیع، بەراء ئبن مەعروف، سەعد ئبن عەبادە، سەعد ئبن خەیثەمە، عبداللە ئبن رەواحە، ئەو دوازدە نەفەرە لە ئینتیخاب دەرچوون.

ئیذەن مەفهومی ئینتیخابات لەبۆ جەمعی موئمینینە نەك لەبۆ خاریجی موئمنین لەبۆ ئییجادی شخوصی، کە فیعلەن ئەهلی کەفائەت و نەوعیاتی موعەییەن موختەصصیین کە دێن تەصەدی مەسئولیەتی ئەهلی ئیمان بکەن، مەسئولیەتی وەی وەربگرن فیعلەن بین اللە و بین عباد اللە ببنە مخەوولی صەحیح، ئەوەیە مەفهومی ئینتیخابی صەحیح لە ئیسلام، دیارە نوقطەی دووەمی رەئیسی ئا ئەو جەمعەی کە فیعلەن ئینتیخاب دەکەن دەبی وەعی ئینتیخابیشیان هەبی، بزانن ئا ئەو مواصەفاتانەی کە فیعلەن ئەو جەمعە لێیان طەلەب کرایە ئینتیخاب بن ئەوصافیان چیە؟ پاشان هەدەف لە ئینتیخابەکەی چیە؟ ئەو جەمعە دروست بوو چ ئیشیان پێدەکرێ، کە یەکەمین شەخص دەرچوو ئەسعەد بن زورارە عیلمەن کابرا ملیۆنێریش نەبوو، شەریفیش نەبوو، ئەمما ئەو کەفائەت و ئینسانیەتەی بەواسطەی ئیمانی رب العالمین لەبۆ ئەسعدی تەسخیر کردیە لە هەمموویان بە قوەت ترە.

لۆیە وەعی ئینتیخابی لە کن صەحابە مەوجودە موسبەقەن، لۆیە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ئەمری کرد لەو لەحظەیەیە دوازدە نەفەرم لۆ تەشخیص کەن، دوازدە نەفەرەکە دەرچوو، ئەوە هەمووی ئیمانە لەو دوازدە نەفەرەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم فەرمووی ئەوی کە ئینسحابکا ئیجتماعەکی موغلەق کرا، هەمووی هەریەکە مەسئولیەتی خۆی فلانی کوڕی فلان مەسئولە لە حەقیبەی أمر بالمعروف و النهي عن المنكر، فلان کوڕی فلان مەسئولە لە جەمعی نەفەقە فی العسر والیسر، فلان مەسئولە لە صیغەی تەطبیقی(أ ن تقولوا فی اللە ولاتخافون لومة لائم)، ئەوانە هەمووی موصعەب موسبەقەن دروستی کردیە لەکن ئەبوبەکر مەلەفات مەوجودە، پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم یەك بە یەك لەبۆیان نەقل دەکا، ئەتو موصعەب ئیختیصاصی ئەوەیە لە فلانە دەڵێ بەڵێ طەمغەم خەتتم لێدا، ئەتوو فلان دەور ببینە ئەویتکە ئەتوو فلان دەور ببینە، ئەویتکە ئەتو فلان دەور ببینە، هەمووی وفقی تەوصیاتی موصعەبی.

پاشان فەرمووی دەزانن ئەنگۆ چ دەورەکی دەبینن؟ خودا ئەو دینەی ناردیە ئەمن کەفیلم لەسەرتان تەحویلکەم لەبۆتان ئەنگۆش حقیقەتەن، موفاجەئات تەحویل ئەدنا عەدەم ئیتیباع لەبۆ قورئان عەدەم ئیطاعەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم مەسئولیەتەن ئەمام اللە، ئی ئەو هەموو جموعەی کە ئەنگۆ موشریفن لەسەری، ئیذەن قەضیەکە تەکلیفە نەك تەشریف، مەسئولیەتە ئەمام اللە، نەك تەفضیلە نەك

مەقامە نەك كورسيە و مێزە سوفەرات و ئینسان بەدەور رۆیشتنە هەء، ئەمام الله مەسئولیەتە ڕۆژی قیامەت، لێیان دەپرسرێ ئەوەی (أمر بالمعروف و نهي عن المنكر) ئەو حەقیبەی درابیتی یەك مسوڵمان خیلافی وەی كردبی ئەو مەسئولە ئەمام الله، چونكی رب العالمین لەوی دەپرسی لۆ حقیقەتت لەبۆ وەی كەشف نەكرد، ئەتو لەسەر وەی بینا كرابووی فەخصوصەن.

ئیذەن لە بۆت ئا ئەوە بەو صیغەیەی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم هەموویان قبولیان كرد و هەموویان بە ڕیضوان قەناعەتیان پێ هینا، ئەوجە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم مۆری نیهائی لەبۆ لێدان فەرمووی بگەڕێنەوە بەتەوفیق وبە حفظی (رب)انی، هەمووی بەئوسلوبی خۆیان كە كو هاتبوون ئەبەو نەوعەی چوون، ئەمما شتەك لێرە هەیە با لە فكرمان نەچی بەڵێ الله جل جلاله خۆی مەوجود بوو ڕەقیب بوو، سەمیع بوو بەصیر بوو ڕیعایەتی حالەتەكەی دەكرد، وە مەلائیكەت خۆیان مەوجود بوون ئیشرافیان دەكرد لەسەر حالەت، وە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم وەسیط بوو لەبۆ ئەو مەوضوعەی ئەدی شەیاطیین، شەیاطیین مەوجودن ئەمما مەلائیكەت تەطویقی مەنطیقەی كردبوو، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم تەئمینی عاردەكەی كردبوو، مەلائیكەتیش تەئمینی ئاسمانەكەی كردبوو لۆ؟ چونكی شەیاطیین صیراعی بەقوەتیان لەگەر ذاتی پێغەمبەریە صلى الله علیه وسلم، پاشان ئەوجە لەبۆ ئەهلی ئیمان بە دەرەجات دێتە خوارێ، عەینی وەقت شەیاطیینی جن عیلاقەیان عەن طەڕیقی وەحی هەیە لەگەر ئینسانی شەیطان.

سوڕەتی (قل أعوذوا برب الناس) بخینن هەمووی ناسە، پاشان لە ئەخیری (مِنَ الْجِنَّةِ وَ النَّاسِ)(الناس ٦)، ئیذەن عیلاقەی وەثیق هەیە ئیرتباطەك صەمیمی هەیە بەینی كەلیمەی ناس لە قوڕئان لەگەر شەیاطیین، پاشان خۆی دەفەرمی (وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ) (الأنعام ١٢١) وەحی هەیە، عەینی وەقت شەیاطیین كو وەحی خوایی قوڕئانی دێتە خوارێ شەیاطینیش ئەوها وەحی دادەبەزینی،(تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ) (الشعراء ٢٢١) لەسەر چ؟ (عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ) (الشعراء ٢٢٢) ەها پێشی پێنج شەش دەرسان بەحسی ئەوەمان كرد، وەلید بن موغیرە هەر لە سوڕەتی دووەمی قوڕئان رب العالمین ئەمری پێ دەكا:(وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ، هَمَّازٍ مَّشَّاء بِنَمِيمٍ،مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ) (القلم ١٢)، ئیذەن وەلید ئبن موغیرە مەهبەطی وەحی شەیطانە،،(تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ) ،عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ) (الشعراء ٢٢٢) نەفسی صیفەتە، ئیذەن شەیاطینی ئاسمان واز لەو قەضیەی ناینی یەكسەر ئیرتباط دەكا لەگەر شەیاطینی سەر ئەرز، عەناصرِی خۆی قواد و وفودی خۆی فە یەكسەر قەضیە نەقل دەبی، هەرجارێ شەیطان كە مەلائیكە ڕەفع بوون صەحابەكان هەموو گەڕانەوە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم ویستی ئینسحاب بكا، شەیطان كە مەسئولی ئەو مەنطقەیە تەحمولی نەكرد

چونکی دەوی گیرابوو کە مەلائیکەت دەوی بەجێهیشت دەستی کرد بە هاوار کردن، یا ئەهل ئەخاشب ئاگاتان لێیە محمد چی کرد؟ دەولەتی دروست کرد، هاواری کرد هەرچی شەیاطینی ئەو مەناطیقانەی مەککە و دەوروبەری و هەر صەنەمەك شەیطانی خاصی خۆی هەمووی جەمع بوون، فە یەکسەر قانون دەرچوو تەفسیرات دەرچوو بەسورعەت و بەحەڕەکەکی زۆر دائم، بەنەشاطەکی زۆر قەوی تەوزیع ببن شەیطانی وەلیدی بن موغیرە دەوری خۆی ببینی، وەحی ببا لەبۆی شەیطانی ئەبوجەهل لەبۆ ئەبوجهل ئەبولەهەب لەبۆ ئەبولهب ئیتکە، بەو تەقسیمە و بەو تەوزیعەی یەکسەر قەضیە گەیشتە کن قوڕەیش، رەئسەن بەبێ تەئخیر لۆ سبەی قوڕەیش وەفدەکی تەشکیل کرد خەبەرەکە لای یەقینە لە شەیاطیین وەری گرتیە، وەفدەکی گەورە ضەخم بچی تەقەصصی حەقائیق بکا، لە وەفدی یەثریبین فیعلەن چون جەلسە دامەزرا بەموعاتەبەی قاسیش گوێمان لێبووە جەمعەك لەنگۆ یەثریبین هاتین ئیتصالتان لەگەر (محمد)ی کردیە، دەتانەوێ یەعنی بنودی ئیتفاق شەیاطین نەقلی کردیە دەتانەوێ نەصرەتی بدەن، دەتانەوێ نەقلی کەن لێرە لەبۆ یەثریب ئەو وەختی لەبن دەستی مە دەرچی، بە کەیفی خۆتان تەعامولی لەگەر بکەن لەبۆ مەقاصیدی خۆتان، ئەمەش ئەوەی قبول ناکەین ئێرە جێی تەعبودە ئێرە جێی ئەصنامە ئێرە جێی فلانە.

یەثریبین ماعەدای حەفتا و سێ نەفەرەکەی هۆپەکیان لە خۆیان برد، شتی وانەبووە ڕاست دەکەن فەقیرانە، یەکسەر عبدالله بن ئوبەی ئبن سەلول قیت بۆوە بە گەورەترین صەنەم سوند دەخوا شتی وەها نەبووە، قەومی من کو بێ من بەبێ ئەوەی خەبەر بداتە من شتەکی وەها گەورە دەکا، فیعلەن ئەبو سوفیان ئەو جەمعە وەفدە هەمووی قەناعەتیان پێهات، عبدالله بن ئوبەی ئبن سەلول جێی ئیحتڕام و تەقدیرە ئێ رەفیقیشی بەراء ئبن مەعروف ئەو مەسئولە بەرائیش دانیشتیە قسان ناکا، صەحابەکان هەموو دانیشتینە قسان ناکەن ڕاست دەکا، ئەو ئاگای لێنیە ئەمما شتەکە بووە ئەو سوند دەخوا، تەدبیری بینائی ئیمانی لەبۆ صەحابەی کەس لام و جیمی نەکرد.

یەکسەر صەحابە دەستیان کرد بە ئینسحاب لەبۆ یەثریب، چونکی قەضیەکە تازە نەشر بووە، شەیاطیین کەشفیان کرد پێشی ئینسحاب هەر لەو جەمعانە صەحابەك هەبوو قیچەك موتەحمیس بوو، ئیتر بەعەجەلە بوو گەنج بوو کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیحساسی کرد، ئەو شەیطان هاواری کرد گوتی یارسول الله هیچ پەکت پێی نەبی ئەمە و شیرمان سبەی هەرچی حەجاجی مینا هەیە هەموویان دەفەوتێنین، سبەی هەموویان سەریان پەل دەدەین پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرموی (لم نأمر بهذا)،خەریتە لە دەست ویە ،هیچ لە گیرفانی خۆی دەرنایینی موجەڕەد تەماشا دەکا و پێی دەگوترێ دوخلی دەکا لەبۆ واقیع، فەرموی (لم نأمر بهذا)، لۆ؟ چونکی جارێ مایتی وەکو ئەمەرە

دەبی زەمانی بێ، دەبی ئەو نەوعیاتانە بگەنە ئەو مستوایە، هەتا فیعلەن ئا ئەو ثەمەرەی کە خوا دەیەوێ ئینتاج ببی.

پاشان ئەوە موهیممە حەربی نەوعی بەینی کوفر و بەینی ئیسلام کوفر تەحدید ناکا، ئەهلی ئیمان تەحدید دەکەن ئەوە هەموو قورئان بەو نەوعەیە، چ وەقتەکی چ وەقتەکی طەبعەن لە سیرەی ئەنبیاء و سابقینیش چ وەقتەکی کوفر تەحدیدی زەمان و مەکانی حەربی کردبی، ئەهلی ئیمان فەشەلیان هینایە، ضاغطە بووە لە خاریج ئەهلی ئیمان نەگەیشتینە ئەو موستەوایەی مواجەهە(إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ) (الأنفال ٦٥)، نەگیشتنە ئەو مستەوایە قەضیە ئیمانە نەك عەدەد و عودەدە، عەدەد و عودەد تابیعی ئەو حالەتە ئیمانیەیە، کە نەگەیشتنێ حەتمەن ضەرەر دەینن فەشەل دەینن، لۆیە دەبی پێغەمبەر و صەحابە تەحدیدی زەمان و مەکانی شەڕ کەن.

ئا ئەوە دەرسە لەبۆ ئیتجاهاتی ئیسلامی هەر وەقتەکی فتیلی لوغم مەوجود بوو، نابی یەك نەفەر لە قاعیدە و جنود لاقی لەسەر لوغمەکەی دابنێ، بتەقی هەموو ئیتجاهات پێیوە توش ببی بە قاعیدە و بە قیادەوە، ئەوە ئەمانەتی (الله)یە جل جلالە ئا ئەو جەمعە بەشەرانە، لۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەریع ئەوانی ناردەوە، ئەمما دوو نەفەر مابوون تەقاریری نیهائی وەرگرن لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەویش سەعد بن عوبادە لەگەر مونذر بن عەمر، ئەو دوو صەحابیە مابون لەکن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەقاریری نیهائی کەلیشەی نیهائی ئەو دەولەتە ئیمانیە وەربگرن.

صەحابەکانیتکە یەثریبیین چوونەوە، ئەوان ئەو دووە مانەوە لە ئەثنای ئینسیحابی وانە قەضیەکە نەشر بوو لەناو مەککە، بەدوو وانەش کەتن موشرکینی مەککە گرتیانن ئەو دوو صەحابەیە گیرا، یەکێکیان سەریع بوو مونذر سەریع بوو خۆی و حەیوانی سەعد کەتە بن دەستیان، سەعدیان گرت، عیلمەن سەعد زەعیمە گرتیان بەلێدان و بەئەزیەت هینایانە ناو مەککە لۆوەی تەعذیبی بدەن، یەکسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی زانی صەحابەکی تەسخیر کرد، صەحابەکە لەگەر جەمعی کە لێی دەدەن ئەوەی دەکەن ئەزیەتی دەدەن چووە بن گێی گۆتی زوو عیلاجی خۆت کە، گۆتی کو عیلاجم کەم گۆتی کەس موجیرت نەبووە لەناو یەثریب کەست پەنا نەدایە لەناو یەثریب، تیجاریەن ئەتوو خۆت دەولەمەندی مەسئولی؟ گۆتی بەرێ والله، گۆتی کێ؟ گۆتی بڕۆ عودەی بن فلانی یەکسەر چوو ئا ئەو صەحابە بە کابرای گۆ کابراش موشریك بوو لەناو مەککەی دانیشتیە لەناو بەیت، گۆتی ئەها سەعدیان گرتیە، گۆتی ئا ئەوە وەختی خۆی ئیجارەم کردیە بائەویش بێ ئیجارەی من بکا، یەکسەر کابرا لە جێی خۆی قیت بۆوە گۆتی بابە سەعد عایدی منە ئیستجارەی بەمن کردیە.

حەتا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زانی تەئمینی ئەوەشی لەبۆ کرد بێ ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی تەدەخول بکا، بێ ئەوەی صەحابەکی بنێری دیفاعی لێ بکا، هەمووی خەطەواتی ئیمانیە سەعد بە تەقدیر و موکەڕەم موعەزەز دیسان سواری حەیوانی کراو دیسان بە تەخطیط وەکو وەفدەك ئیخراج کرا.

ئا ئەوە صیغەی تەحویلی ئیمانە بە حەقیقەت بە خەریطەی ئیمانیش لەبۆ واقیع، وەکو بەحسمان کرد ئەوە حقیقەتە ئەوەی ئەمە بەحسی دەکەین خەیالات نییە، میثالیات نییە، هەر وەقتەك هەر جەمعەك بیەوێ بەو حەیەوییەتەی دیسان ئەو وەحییە وە ئەو حیکمەتە نەك ئەو سیرەتە بیەوێ تەعامولی لەگەر بکا بەو حەیەوییتەی تەعامولی لەگەر دەکا، ئیللا ئەگەر خۆی مورید بی خۆی ئەو ئیستعدادەی تێدابی.

لە نیهایەت تەمەننا دەکەم لە باری تەعالا لەبۆ خۆم و لەبۆ جەمعی موئمنین خواد ئەو نەوعە ئیمانەمان بداتێ، ئەسباب و وەسائیلمان لەبۆ تەهیئە بکا، خۆی هیدایەتمان لەبۆ تەکەفول بکا، تەرشید و تەوصیلمان بکا، دەفعمان بکا لەبۆ ئەو حالەتە مەطلوبە، پاشانیش لێمان قبول بکا لەگەر پێغەمبەر وصەحابە جەمعمان بکا، لەوانمان بکا کە خۆی فەرمویتی: (وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً((النساء ٦٩)، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين والحمدالله رب العالمين.